

# لە هاوڕێیانەوە بۆ منداڵی سەردەم



## دارکونکەرە

باڵندەیەکە خاوەن دەنوکێکی درێـژی تیژی چەماوەیە، کە بەهۆیەوە بەخێراییەکی بەردەوام درەختی پێ کوندەکات. ئەو باڵندەیە خاوەنی کلکێکی بەهێزە کە بەهۆیەوە لەگەڵ قاچەکانیدا بەکاریدەهێنێت بۆ خۆگرتن بە درەختەوە. دارکونکەرە لەسەر کرمی دارو قالۆنچە دەژیو بەشێوەیەکی سـەیـر هـێـلانـەکـەی بنیاتدەنێت، ئەویش لەڕێگەی کونکردنی درەختو دروستکردنی کەناڵێک بە درێژایی ٣٠سم لە لقی درەختەکەداو دانانی هێلکەکانی (٤–٧دانە) لەو جێگەیەدا.

**شلێر ڕۆستەم – هەڵەبجەی شەهید**



## بڕبڕەی پشت

بڕبڕەی پشت تەوەرەی ناوەندیی لەشی مرۆڤەو بەهۆی ئەوەوە لەشی مرۆڤ بەپێوە دەوەستێت. لەبەر گرنگیی بڕبڕەی پشت بۆ جوڵەی لەش، ئەو بڕبڕەیە لە تاقە ئێسقانێک پێک نەهاتوە، بەڵکو لە زنجیرەیەکی ڕێکوپێکی ئێسقانەکان. بڕبڕەی پشت قورسایی مرۆڤ هەڵدەگرێتو دابەشیدەکات بەسەر قاچەکاندا، هەروەها شێوەی قیتو قنجیی لەش دیاریدەکات. ئەمە وێڕای پاراستنی مۆخی دڕکاوی کە گرنگییەکی بێوێنەی بۆ ژیانی مرۆڤ هەیە. تێکڕای درێژیی بڕبڕەی پشت لای پیاو ٧٠سمو لای ژنان ٦٠سم ـە. لە کاتی پاڵکەوتنداو ئەنجامی کشان بڕبڕەی پشت درێژتردەبێتەوە.

**ساکار ئیبراهیم ڕەسوڵ**
**ئازادی (هەولێر)**

## باران ژیانە

باران گرنگییەکی زۆری بۆ ژیانی مرۆڤ هەیە، چونکە کێڵگەکان ئاودەداتو دەبێتە هۆی کەڵەکەبوونی ئاوو زۆربوونی سەرچاوەکانی ئاو. کاتێک زەوی وشکدەبێت، ناتوانێت هیچ بەرهەمێک بدات، بەڵام باران ڕۆح دەکات بەبەری زەویداو دەرگا بەڕوی بەرهەمو خێروبێردا دەکاتەوە. بەکورتی باران ژیانی ناخۆش دەگۆڕێت بۆ ژیانێکی ئەرخەوانیی بۆنخۆشی پڕ گوڵو گوڵزار.

**ئارێز ڕاستگۆ – دەربەندیخان**





## ئەستێرەزانیو بۆشایی

ئەستێرەزانی یەکێکە لەو زانستانەی لەمێژە هەیە. دنیای بۆشاییو هەسارەو ئەستێرە جۆربەجۆرەکان سەرنجی مرۆڤیان ڕاکێشاوە، بۆئەوەی بگەڕێت بەدوای ئەو ئامرازانەی یاریدەدەرن بۆ ئاشنابوون پێیانو زاناکان هەوڵیانداوە لە ڕێگەی کەشتییە ئاسمانییەکانەوە لە نهێنییەکانی ناو بۆشایی بگەنو زانین دەربارەی گرووپی خۆر بەدەستبێنێت.

**ئاشنا کەریم – هەوارەبەرزە (سلێمانی)**